سەماحەتی حەکیم لەگەڵ سەرکی دەستەی دەستپاکی ناوەندی باسی پێشهاتەکانی دەسەی دەستپاکی دەکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا چاوی کەوت بە بەڕێز حەیدەر حەنوون سەرکی دەستەی دەستپاکی ناوەندی و لەم دیدارەدا باسی پێشهاتەکانی دەسەی دەستپاکی و ئەرکەکانی حکومەت لە گەیاندنەوەی پارەکان بە گەنجینەی عێراق کرا.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە نابێت سستی و کەمتەرخەمی لە گەیاندنەوەی پارەی گشتی بکرێت لە هەمان کاتدا گوتی نابێت ترس لە گەندەڵی ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی پرۆژەکان و پلانەکانی گەشەپێدان پێك بخات و دووپاتی کردەوە کە گرنگە بەداتاکردن بە بەڕێوەبردنی دەسەی پارەکان بکرێت و پێویستیش پڕۆگرامەکان و پلانەکان بەشێوەیەك تازە بکرێنەوە کە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم قۆناغە بگونجێن، داواشی کرد بەدواداچوون بۆ پارە دزراوەکان لە دەرەوەی وڵات بکرێت و بگەڕێندرێتەوە.
سەماحەتی حەکیم داواشی کرد یاساکان تازەبکرێنەوە و یاسای پێویستی دیکەش بۆ نەهێشانی گەندەڵی دەربکرێت و بۆ گرنگی زانی ڕووونی و شەفافیەت لە دەسەی بەرنگاربوونەوە هەبێت و بۆ لایەنی سیاسی و دەستکەوتی سیاسی بەکار نەهێنرێت.